شەوێکیان نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستیکرد بە خوێندنی سورەتی -البقرة

لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «شەوێکیان نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستیکرد بە خوێندنی سورەتی -البقرة-، ووتم: پاش خوێندنی سەد ئایەت ڕکوع دەبات، پاشان هەر بەردەوام بوو، ووتم: ئەم سورەتە لە یەک ڕکوعدا دەخوێنێت بەڵام هەر بەردەوام بوو، ووتم: لە پاش تەواو بوونی ئەم سورەتە ڕکوع دەبات، پاشان دەستیکرد بە خوێندنی سورەتی -النساء-، پاشان دەستیکرد بە خوێندنی سورەتی -آل عمران-، لەسەرخۆ دەیخوێند: ئەگەر بە ئایەتێکی بخوێندایە کە تەسبیح کردنی تێدا بووایە؛ ئەوا تەسبیحاتی دەکرد*، وئەگەر ئایەتێکی بخوێندایە کە پاڕانەوەی تێدا بووایە؛ دەپاڕایەوە، وئەگەر ئایەتێکی بخوێندایە کە پەناگرتنی تێدا بووایە؛ پەنای دەگرت، پاشان ڕکوعی برد، ودەیفەرموو: «سبحان ربي العظيم»**، ماوەی ڕکوع بردنەکەی نزیک بوو لە ماوەی وەستانەکەی، پاشان فەرمووی: «سمع الله لمن حمده، ربنا لك الحمد»^ وبۆ ماوەیەکی زۆر وەستا کە نزیک بوو لە ماوەی ڕکوع بردنەکەی، پاشان سوجدەی برد، وفەرمووی: «سبحان ربي الأعلى»^^ وماوەی سوجدە بردنەکەی نزیک بوو لە ماوەی وەستانەکەی». *(تەسبیحاتی دەکرد: واتە ئەو زیکرانەی دەخوێند کە بە پاک دانانی خودا وبەرێئی ئەو زاتەی تێدایە لە هەموو کەموکورتیەک وەکو: سبحان الله، سبوح قدوس رب الملائكة والروح، هاوشێوەی ئەم زیکرانە)، **(پاک وبێگەردی بۆ پەروەردگاری مەزن)، ^(خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن، پەروەردگارمان هەموو حەمد وسوپاسێک بۆ تۆ)، (^^پاک وبێگەردی بۆ پەروەردگاری بەرز وبڵند)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

حوزەیفەی کوڕی یەمان جارێکیان شەونوێژی لەگەڵ پێغەمبەردا کرد -صلى الله عليه وسلم- وماوەی نوێژکردنەکەی درێژ کردەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە یەک ڕکاتدا سورەتی -البقرة- و -النساء- و -آل عمران-ی خوێند، و لەسەرخۆ قورئانی دەخوێند، وئەگەر ئایەتێکی بخوێندایە کە پاڕانەوە وداواکردنی لە خودای تێدا بووایە؛ ئەوا ئەویش دەپاڕایەوە لە خودا، وئەگەر ئایەتێکی بخوێندایە تەسبیح کردنی خودای تێدا بووایە ئەوا تەسبیحاتی دەکرد*، وئەگەر ئایەتێکی بخوێندایە کە پەناگرتنی تێدا بووایە ئەوا پەنای بە خودا دەگرت، هەموو ئەمانە لە کاتی خوێندنی قورئاندا، وهەموو حاڵەتەکانی نوێژکردنەوەی ماوەکانی نزیکی یەکتر بوو، ماوەی ڕکوع بردنەکەی نزیک بوو لە ماوەی وەستانی یەکەم، وماوەی سوجدە بردنی نزیک بوو لە ماوەی ڕکوع بردنی، واتا هەموو حاڵەتەکانی ناو نوێژکردنی گونجاو بوو لە ڕوانگەی درێژی مانەوە ومەرج نییە ماوەی مانەوە لە هەموو حاڵەتەکان یەکسان بێت وهەمان ماوە بخایەنێت بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەمووی گونجاو بووە. *(تەسبیحاتی دەکرد: واتە ئەو زیکرانەی دەخوێند کە بە پاک دانانی خودا وبەرێئی ئەو زاتەی تێدایە لە هەموو کەموکورتیەک وەکو: سبحان الله، سبوح قدوس رب الملائكة والروح، هاوشێوەی ئەم زیکرانە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3727